کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-8-2007 1:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەنگە جادووییەکەی فەرهاد سەنگاوی ... حەکیم کاکەوەیس**

دەیان ساڵە کورد، بە تایبەتی ئەم کوردەی بن دەستوپێی عارەبی عیراق، فێڵی لێ دەکرێ و کوردایەتی بۆ دەکرێتە چێژ و لە سەر تەڵە بۆی دادەندرێ و جارێ نەبوو پێوە نەبێ! ئێستا، دوای ئاشکرابوونی فایلی فایلداران و ڕادەی دڵسۆزیی سیاسەتمەداران بۆ کورد و کوردستان و خوێنی شەهیدی دەستی خۆیان و داگیرکەران و تەڵەکانیان، هەندێ کەس کە هێشتا هەستی کوردبوون و مرۆڤایەتییان تێدا ماوە، خەریکن با دەدەنەوە بە لای سەنگەری... ناڵێم کوردایەتیدا، بەڵام دەتوانم بڵێم بەرەو ئاراستەی ڕاستپەروەری و ئاسوودەکردنی ویژداندا.

یەکێ لەوانەی کە تازە بە تازە، عارەب گوتەنی (بەعدە خەرابلبەسرە) و خۆمان گوتەنی چرا هەڵبرە و... ویژدانی بزواوە و بایداوەتەوە، کاک فەرهاد سەنگاوییە کە ماوەیەکی دور و درێژ بۆ کوشتن و بە کوشتدانی کورد لە دەنگی (گەلی عیراق!) وەوە هاواری دەکرد و پێشمەرگەی وا لێ دەکرد ئاواتەخوازی شەهیدبوون بێ هەر بۆ ئەوەی فەرهاد سەنگاوی بۆی بلاوێنێتەوە. من بەشبەحاڵ، گەڕانەوەم لە (کفر) ی نەتەوەیی لە دەم قەبریش قەبووڵە و دڵم پێی خۆش دەبێ و هیوام پێی گەش دەبێ و ورەم پێی بەرز دەبێتەوە، لێ بۆ ئەو کاک فەرهادە، ئەم گەڕانەوەیە بە کەم دەزانم و چاوەڕوانم هەر هیچ نەبێ بۆ ئاسوودەیی ویژدانی خۆی، داوای لێبوردن لە هەموو ئەوانە بکا، کە بە فەرمانی بەعسییەکان و پیلانی فایلداران و تفەنگی لە خشتەبراوان و دەنگی ئەو مردن، دەنا ئەمەش بە یەکێ لەو تەڵانە دەزانم کە دەستی فایلدارانی تێدا بێ و بۆ کورد نرابێتەوە... جارێ چوارپەلمان پێوە دەبێ و جارێ تەڵە دڵ و هەستمان دەگرێ. ئەم جارەش دەنگی کاک فەرهاد هاوتەریبە لەگەڵ هەندێ قسە و قسەڵۆک و تەسریحاتی بەرپرسە فایلدارەکاندا. ئێستاش ئەو دەنگە زوڵاڵە ناهەقە کورد بە کوشتدەرە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە هەرای لەوانە دەکرد، لە شەڕی ناوخۆدا ڕۆڵی زۆریان هەبوو و هەرچی بەرانبەریان بوایە، هەتیوەکانی ساواک و میت و شەیتان بوون!

خۆ هەر دوێنێ بوو ئەو 730یەی نەفرەتم لێی کرد و دەنگم بۆی نەدا، وەک مێو و ڕۆن بە قورگی کاک فەرهاددا دەهاتە دەرێ و کوردی هان دەدا دەنگی بۆ بدەن: "دەنگ بەن بە 730 دەنگ بەن بە کەرکووک!" نەیدەزانی ئەوەش تەڵەیەکی ترە و بۆ کورد نراوەتەوە، یا خۆی بەشێ بوو لەو تەڵەیە؟ ئەمە چی بوو ئەم کاک فەرهادە هەر تێنەگەیشت و ڕۆشنبیرانی کوردیش بە تێنەگەیشتوو دەزانێ! ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو کاتەی ئەم کاک فەرهادە بۆ کوردکوشتن هاواری دەکرد، من لە کونجی فیرارییدا خۆمم دەخواردەوە و دەنگەکەیم بە دەنگی شەیتان دەزانی و تەنانەت گومانم لە گرگرتنی بەفریش هەبوو، کە ماستێک بێ و مووی تێدا بێ. کەچی بە ڕاستی... بۆ سیدییەکەی و لە باسی کەرکووکدا، دوو دڵۆپ فرمێسکم وەراند و خەریک بوو پێوە بم! بەڵام زوو ئەو خووەم بیر کەوتەوە کە هی سەردەمی شیرییە! نەکەی! ئەم دەنگە، هەمان ئەو دەنگەیە کە لە خۆشی شەڕ و سەرکەوتنەکانی پشتئاشاندا هاواری دەکرد: "بارەگای پاسۆکیش گیرا... ئەوەی شایانی باسە، بە سەرکردە و ئەندام و لایەنگر و جەماوەرەوە، تەنها سێ کەس بوون.. " نەیدەزانی ئەو باوەڕە مۆمەی ئەو سێ کەسە سەرکردە و لایەنگر و جەماوەرە، کە لە ڕۆژێکدا کپ کرا و پێچرایەوە، لە هەموو کاتێ پتر کورد پێویستی پێی بوو، چرایەکی بەر ڕەشەبا و ناو شەوەزەنگی ئەو دەمەی کوردستان بوو و ئێستاش کورد لە هەمان شەوەزەنگدایە بۆیە ئەو بیروباوەڕە، بۆی نییە و ڕێی نادرێ سەر دەربێنێ!

خوێنەری هێژا تەماشاکە! ئەو کوردەی کە من بە خۆی و خاکیەوە، لە دوای خودا دەیپەرستم، عارەب و بەعسی و جاش و فایلدار و تەڵەچی و ڕاوچی و فەرهاد سەنگاوی، بە بچووکی دەزانن یا نا! عارەبی عیراق داوای لێبوردنیان لە ئێران کرد، چونکە سەددام هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵدا کردن. کەچی عارەبی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
17-8-2007 1:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

عیراق سیی ساڵی بەردەوامی ڕەبەق، لە 1961ەوە تا 1991 جگە لە شۆڕشەکانی پێشتر شەڕی لەگەڵ کورددا کرد و گوندی وێران کرد و ئەنفالی کرد و کیمیا و ژەهری بە سەردا باراند و ژنی فرۆشت، بێزیان نەهات داوای لێبوردن بکەن و گوتیان: بابە! خۆ ئەوە ئێمە نەبووین! سەرۆک جاش و موستەشار و خەفیفە و جاسووس و خائینە ئاشکراکانی خۆمان، کە هیچ نەما بە میللەتی خۆیانی نەکەن و تەنانەت ژنی کوردیان بە دیاری بۆ عارەب برد و بە شێخ و مەشایەخ و دەوڵەتە عارەبییەکان فرۆشران، بێزیان نەهات داوای لێبوردن لە کورد بکەن! فایلدارەکان، کە وەک داستانەکەی سوڵتان، کە بە شەو دەبووە دەڵەبەبا و بە ڕۆژەوە سوڵتان بوو، بە شەو بەعسی بوون و بە ڕۆژ قارەمان بوون، ئاشکرا بوون و هەموومان زانیمان ئەو سەردەمەی کاک فەرهاد خەڵکی بۆ کوردکوژیی هان دەدا، ئەوان پیاوی عەلی کیمیاوی بوون، بێزیان نەهات داوای لێبوردن لە کورد بکەن و ئێستاش، زمانیان لە هەموو دەمێ درێژترە. کاک فەرهاد سەنگاویش، دوای ئەو هەموو هەرایەی کە بۆ کوردکوژی لە کوردی دەکرد و ئەوجا ئەو هاوارەی لە پێناوی نانەوەی تەڵەی 730 و لەسەرنانی کڵاوی 140دا دەیکرد، گەڕایەوە... بە خێر بێتەوە سەر چاو! من باوەڕ ناکەم فەرهاد سەنگاوی فایلدار بێ یا ڕۆژێ لە ڕۆژان خیانەتی بە ئانقەستی کردبێ، بەڵام هێشتا، مادام داوای لێبوردنی لەوانە نەکردووە کە ڕۆڵی لە کوشتن و بەکوشتدانیاندا هەبووە یا هیچ نەبێ بە هۆی دەنگی ئەوەوە دەنگیان بە 730 داوە، پایەکی لە سەنگەری کوردایەتیدایە و پایەکەی تری لە ناو فایلدارەکاندا تەراتێنێتی. ئاخر هیچ نەبێ بیری دەکەوێتەوە کامە فایلدار بڕیاری دەدا چۆن بۆ کوردکوژی هاوار بکا و کێ پێی دەگوت دەنگ بۆ 730 کۆ بکاتەوە!

لە بێ خەبەران کەشکەک سەڵاوات! دەمێکە کەرکووک بە شوودراوە... دەمێکە 140 قۆڵی کوردی لە بن باڵەوە بڕیوە... دەمێکە سەرجەمی کوردستان ئاودیو کراوە... دەمێ بوو وەفدی ئاشتەوایی هەردوو جەمسەری شەڕی کوردکوژی نوێنەرایەتی بەعسیان دەکرد و فەرمانی بەعسیان جێبەجێ دەکرد... هەندێ کوڕە کوردی کەرکووک، کە عارەبی ئامێر و کەرەسەی تەعریبیان هەراسان دەکرد، خاوەن فایلەکان گرتیانن و بە تۆمەتی سەرسەرێتی بەندیان کردن و هەزار سووکایەتییان پێ کردن! چەندین ماڵە عارەب، کە لە ترسی ئەو کوڕانە گەڕابوونەوە ئەو کونەی لێوەی هاتبوون، بە وەرەقەی فایلدارە قارەمانەکان گەڕانەوە ناو کەرکووک و ئێستا هەر یەکەیان دوو وەرەقەیان پێیە... نەک هەر لایەنگر و ئەندام، سەر بە دەزگا ئەمنییەکانی حیزبەکانن و دەمێکە کوردایەتی دەکەن، هەی بێ خەبەر خۆم! کاک فەرهاد.. هەر ئەوە ماوە بڵێم: بە هەردوو پێوە وەرەوە ناو سەنگەری کوردایەتی و میللەتەکەت ئەوەندە لێبوردەیە، بە هەموو تەڵەیەکەوە دەبێ، دەنا سیدییەکانت کۆکەرەوە و مەگەڕێوە، نەک دەنگە جادووییەکەت، جارێکی تر خوێنی کورد بە فیڕۆ بدا و کۆشک و تەلاری فایلداران بەرز بکاتەوە!

kakaways@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.